کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-10-2007 1:18بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کۆمەڵەی لاوانی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ئاسایشی نەتەوەیی ... سەرکەوت مەجید




ماوەیەکە ڕاگەیاندن و نووسینی کۆمەڵەی لاوانی نەتەوەیی ئەی رەقیب لە نێو هەندێ لە ماڵپەڕە کوردیەکان بەرچاوانمان دەکەوێ کە مژدانەی هاتنە بوونی ڕێکخراوێک دەدەن بۆ چارەسەری هەموو خۆزگەکانی نەتەوەییمان، خۆی لە خۆیدا پێ دەچێ هەموو دڵسۆزە بێگەردەکانی نەتەوەکامان لەخۆ بگرێ، پێ دەچێ ئەو ڕێگە چارەیە بێ کە هەموان خەونی پێوە دەبینین بەڵام سەرکردە سیاسیەکانمان لەبەر تەنگەگژەی ستراجیەتی سیاسی پێی ناوێرن و یان هەندێ لایەنی تر بەرژەوەندیەکانیان ژێر بە ژێر لە ئاقارێکی دی دایە و کوردایەتی بۆ وان عانەیەکی قەڵب ناکات، لە کوردپەروەرانشی دەکەن بە شەرمەزاری، بوونی ڕێکخراوێکی وا لەم کاتە ناسکەی ئێستاماندا زۆر گرنگە، چوونکە هەندێ سیاسەتی ژێر بەژێر هەیە کە زۆر لە پێداویستیەکانی میللەتەکەمان وە بەر دێنێ کە ئەم هەوڵە دەبێ لەلایەن حکومەتی کوردیەوە یاخوود سیاسیەکانمانەوە پێی هەستن، بەلام جێی داخە ئەم دیاردەیە نەمانبینیوە کە هیچ هەوڵێکی بۆ درابێ، کە دەبوایە یەکێتی و پارتی و پارتە ئیسلامیەکان لە کوردستان وکۆمۆنیستەکان و هتد... وەک لە هیچ شتێکدا یەکگرتوو نین کاری پوختیان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بکردایە بە ڕیزەوە دەڵێم وەک دەیبینین هەندێکیان تەواو دژایەتی ئاسایشی نەتەوەیمان دەکەن، هەندێکی تریان پشت گوێیان خستووە، کەمێکیان نووزەی بۆ دەکەن، کەچی هەموونەتەوەکانی دنیا تیۆری ڕەگەز پەرستی لە خوێنیاندایە و بەگەڕیشیان خستووە، ئەوەتا کۆمۆنیست و کریستیان و موسڵمانەکانی تورک و فارس و عەرەب و میللەتانی تری دنیا پێش ئەوەی هەڵگری ئەو هزرە بن نەتەوە پەرستێکی توند ڕەون و چالاکانە کار بۆ تەشەنەکردنی زمان و نەتەوەکەیان دەکەن، تا ئێستاش لە خوێنی زۆرینەی تورک، لە تورکیا هیچ نەتەوەیەک بوونی نیە و بگرە ئەو نەتەوانەی بن دەستی ئیمپراتۆرەکەیان بوون زۆریان لێ داپچڕین و کردیانن بە تورکمان ئەوی نەش بوون هەر بە موڵکی تورکی دەزانن، یان عەرەب؛ بە هیچ پیوانەیەک بە 1428 ساڵ هەرگیز ئەوەندە بە پەلە تەشەنەیان نەدەکرد، بەڵام ئاینی ئیسلام باشترین هۆ بوو بۆ ئەوەی زمانەکەیان بە ناڕاستەوخۆ بە بیانووی خۆشەویستی و ترسی خوا بە سەر موسڵماناندا سەپاند، پاشان ئەوەی بزانێ قورئان بخوێنێتەوە و لێی تێ بگات زۆرینەی عەرەب ئەو کەسە بە عەرەب لە قەڵەم دەدەن، ئەوەتا تا ئێستاش کەسیان زمانیان ناگرێ بڵێن کوردستان چونکە بە داپچڕانی نەتەوەی عەرەبی دەزانن ئینجا نیشتمان. بە درێژایی ئەو مێژووەیان کورد هیچ سوودێکی نەتەوەیی و زمانی لێیان نەبینیوە بگرە خاک و نەریت و زانست و ڕۆشنبیری و کەسانی لێهاتوومان بە لێشاو تا ئێستاش لە ژێر پەردەی ئیسلامەوە بەعەرەب کراوە و دەکەن لەوانە ئیبنول ئەسیر و ئیبنول خەلەکان و سەلاحەددین وهتد.... تورک و فارسیش زۆرلەمان خراپتریان پێ کردووین هەمووی لە پێناوی تەشەنەکردنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان بووە، ئیسپانیەکان و فەڕەنسیەکان ئینگلیزەکان و هتد... دەریا و ئۆقیانووسەکانیان بڕی و کێ بڕ کێی تەشەنەکردنی زمان و نەتەوەکەیان بوون، ئێستاش هەر لەسەر هەمان پلانن بەڵام مۆدێرنانە و یەکێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەو بنەمایانەیان کاتێ پەناهەندە ڕوویان تێدەکات لە پێشدا دەبێ زمان و نەریتەکایان فێربێ دەنا بژێوی ئەو کەسە ئەستەنگی تووش دەبێت، ئەگەر پەناهەندە بە تەمەنەکان زمان و نەریت و ئاینیان نە گۆڕڕێ ئەوا وەچەکانیان زۆر بە ئاسانی پشت لە نەتەوەی باوانیان دەکەن و زمان و نەریتی نەتەوەی ئەو وڵاتە هەڵدەگرن. ئەمە جگە لەوەی گلۆباڵیزم و دنیای کۆمپیوتەر و ناردنی ڕێکخراوە جیاجیاکانیان بە مەبستی یارمەتی میللەتان بنەمای کاران بۆ هەمان مەبەستی تەشەنەکردنیان، هەر بۆیەش زۆر لە نەتەوەی بندەستان گۆڕڕان و نەمان و تەنها لە مێژوودا ناویان ماوە.

بەرگری نەتەوەیی و تەشەنەی نەتەوەیی دوو بنەمای سەرەکی ئاسایشی نەتەوەین. ئەوەی جێی داخە میللەتی ئێمە بەردەوام بە درێژایی دیرۆکمان بەر شاڵاوی هێرشی هەمە چەشنی دوژمنانمان کە وتووین، بۆیە پێم سەیر نییە لە ساڵی 1977 ەوە کە یەکەمجار بیستم کە سەرجەم 30 ملیۆنین و هەموو میللەتانی دنیا بەردەوام لە زۆر بووندان بەڵام ئەم ڕێژەیەی ئێمە تا ئێستاش نە گۆڕڕە. لەو چەند ساڵەی سەرەتای پاش ڕاپەڕین دەمبیست کە هەردوو زل پارتەکانمان کار بۆ دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی دەکەن، زۆرم پێ باش بوو بەڵام لەگەڵ هەڵایسانی شەڕی خۆکوژی و هەتاکو ئێستاش وەکوو دەزگای ئاسایشی حزبی تەنها بۆ بەرژەوەندی سەران وهەندێ لە دار و دەستەی خۆیان کاریان کردووە، بگرە ئێستا ئاسایشی نەتەوەییمان هەر بوونی نیە و دوژمنانمان زۆر بە ئاسانی توانیویانە زەفەرمان پێ بەرن ئەوەتا کوردستانەکەمان باشترتن گۆڕەپانی تەراتێنی هێرشی خراپە کاری گلۆباڵیزمە؛ گەندەڵی دیارترین ئەنجامەکانیەتی و مەرزەکان تەواو بەرهەمی خۆماڵیان لە بازارەکانماندا لەناو بردووە و دەسەڵاتدارانی کوردیان تەواو ئابڵووقەی سیاسی داوە، ئێران و تورکیا تۆپبارانمان دەکەن و مەرزەکان دادەخەن بۆ ئەوەی یاری بە قووتی میللەتەکامن بکەن، ئەمەریکیەکان بە ئاشکرا دەسی دەسەڵاتدارانمان دەگرن و ڕێ خۆش دەکەن شەڕەنگێزان دزە بکەن بە بیانووی داڵدەدان و هتد... نا ئارامی ئابوری و دەروونی و بیمەیی وای کردووە پەرەوازەی وڵاتانمان بکەن و هیچ بەڵگەنامەیەکی پتەو و جێگیر دیار نییە بۆ فیدراڵیەکەشمان.

ئاسایشی نەتەوەییمان لەو پەڕی ترسانکیدایە، دەسسەڵاتدارانمان لەوەناچێ بتوانن جڵەوی بگرنەوە؛ با کەمێ ڕاستیانە دوور لە سۆز بڕوانینە دۆزەکەمان، ئاواتی هەموانە کە دەوڵەتێکی کوردی دروست ببێ، لە ئێستادا ئاواتەکەمان هاتۆتە سەر فیدراڵیەت و پێمان نافەرموون، هەمووومان دەزانین لە ڕووی جوگرافیەوە دراوسێکانی باشوری کوردستان ئەوەندە لە گەمەی سیاسیدا ووریان بە هیچ شیوەیەک بوار بە سەرکەوتنی فیدراڵیەتەکەشمان نادەن، لەبەر نەبوونی بەرگری نەتەوەیمان میت و ئیتڵاعات وئیستخباراتی ئیسلامی عەرەبی پەیتا پەیتا خۆ دەخزێننە ناو ئارەزووی لاوەکانمان و بژێوی میللەتەکەمانەوە تا بن کەنمان بکەن و تەشەنە بە گەندەڵی بدەن، یاخوود کە دەبینن وا ڕەوشی مادەی 140 تۆزێ لە جوڵەدایە کە بە خواستی زۆرینەی ئێمەش نییە بەلام لای ئەوان زۆر بە گوورە ئەوەتا لەشکرکێشی و تۆپ بارانمان دەکەن ومەرزەکانمان لێ دادەخەن هەڕەشەی جۆراوجۆرمان لێ دەکەن بەو مەبەستەی تا سازشی سیاسیان لە گەڵ بکرێ و لە نێو گەمەکانیاندا مادەی 140 و گەشەی نەتەوەییمان نەزۆک بکەن هەر لە نێو هەمان گەمەدا جینۆسایدی ئەرمەنیاکنیان گەورە کردەوە کەوتنە نازو نووز تا لە سازشکردن لە گەڵ ئەمەریکیەکان مەرجەکانیان تەنها لێدانی بەرژەوەندیەکانی کورد بوو، ئەمە ڕاستیەکە سنوورەکانی باشوری کوردستان دەروازەی سەربەخۆی خۆماڵیمان نیە بگرە بە ژەهر تەنراوەتەوە ژەمە خواردنێک بە ئاسانی گووزەر ناکات، حکومەتەکەشمان لە ڕووی پلان و ئابووریەوە تەواو لەڕ و لاوازە چوونکە بایەخدان بە بەروبوومی خۆماڵی تەواو پوکاوەتەوە، کاڵا و شمەکی دەرەکی بەردەوام لە گەشەدایە کە ئەمەیان ترسناکترین خاڵە لە سەر ئاسایشی نەتەوەی و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خەونی فیدراڵیمانەوە، بۆیە پێم وایە لەم کاتەدا ئەرکی سەر شانی هەموانە کە هەوڵبدەین زۆر بە ووردی بکەوینە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و بە گەڕ خستنی ئاسایشی نەتەوەیمان، پێ دەچێ کۆمەڵەی لاوانی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب لە ئەنجامی قەیرانی ئاسایشی نەتەوەیمان بە ناڕاستەوخۆ بۆ هەمان مەبەست هاتبێتە بوونەوە، با برەو بەم چەمکە بدەن و خۆ بە دور بگرن لە بریندار کردنی نەتەوەی تر و ئاین و فرە هزری، با کەس چاوەڕیی ڕەحمەتی حکومەت و پارتەکان نەبێت با بە هەموانەوە بە جیاوازی هزر و ئاینەوە بێ گوێدانە ناکۆکی و ململانێ سیاسیەکانمانەوە هەر گرووپە لە لای خۆیەوە هەر یەکە لە لای خۆیەوە وەکوو ولاتە پێشکەوتووەکان لە نێو خۆیاندا هەرچەندە ناتەبابن بەڵام لە ئاستی ئاسیشی نەتەوەیی یەکن، با ئێمەش کۆشش بکەین هەمووان لە نێو سەنگەری ئاسایشی نەتەوەیی لە هەولّی بەرگری و هوشیاری و گەشەدان بین؛ چونکە بۆ نەوەکانمان کارێکی پیرۆزە و جێی ستایشە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.